# بەرەو یادەوەری کارەساتی ئەنفال

**جەماوەری گەرمیان،**

**کەس‌وکاری قوربانیانی ئەنفال!**

ئێمە بەرەو هەژدەهەمین ساڵڕۆژی کارەساتی ئەنفال ئەچین، کارەساتێك کە دڵی هەرکەسێك کە زەڕەیەك ئینسانیەتی هەبێت ئەهەژێنێت، چونکە هەزاران کەس لە ئینسانەکانی کۆمەڵگایەك لەسەردەستی یەکێك لە دڕندەترین ڕژێمەکانی دنیا، قەتڵ‌وعام کرا، هەزاران شارۆچکەو لادێ خاپورکران، کە ئەوکات کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و حکومەتەکانیان‌و میدیای نۆکەریان، لەبەر بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوریەکانیان نوزەیەکیان لێوە نەهات‌و، ئەم کارەساتە ترسناکە نەبووە جێگەی باسیشیان.

دوای وەدەرنانی ڕژێمی بەعسیش لە ساڵی 1991 لەکوردستان، کەس‌وکاری ئەو قوربانیانە ناونران "پاشماوەی ئەنفالەکان"و، لە خراپترین‌و سەختترین‌و دژوارترین هەلومەرجدا ژیان‌و گوزەرانیان کرد، کە بەهیچ شێوەیەك باری سەختی سەرشانیان سوك نەکراو شارو دێهاتە وێرانەکانیان نوێ نەکرانەوەو لەلایەن حکومەتی کوردییەوە قەرەبوی زیانەگیانی‌وماڵیەکانیان نەکرانەوە، هەربۆیە کە تا ئێستاش کەس‌وکاری ئەنفالەکان بێبەشترین و مەحرومترین ئینسانەکانی ئەم کۆمەڵگایەن. تەنانەت ژمارەیەك لە ئەنفالچی و بکوژەکان ئێستا لەلایەن ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردستانەوە نەك هەر داڵدەدراون‌و پارێزراون، بەڵکو کراوەنەتە بەرپرس‌و دووبارە هێنراونەتەوە سەر ورگی خاڵی خەڵك.

**جەماوەری ناڕازی!**

ئێمە نامانەوێ چیتر ساڵیادی ئازیزانمان بە ڤیستیڤاڵ‌و سرودومۆسیقاو بەڵێنەدرۆکان یاد بکەینەوە، بەڵکو ئەمانەوێ کاریگەرییەکانی ئەو کردەوە دڕندانەو وەحشیگەرانەیە بەتەواوی لەژیان‌و گوزەرانی کەسوکاری ئەنفالەکانو کۆمەڵگادا بسڕینەوە. ئەویش لەڕێگای کارکردنمان بۆ وەدیهاتنی ئەم خواستانە:

1. دیاری کردنی بڕی 500.000(پێنج سەد هەزار دینار) وەك لانی کەمی موچەی هەر خێزانێك لەکەس‌وکاری ئەنفال کراوەکان.
2. قەرەبووکردنەوەی خەڵك لە زیانە گیانی و مادییەکان بەبڕیاری ڕەسمی و، لەخەزێنەی دەوڵەت ئەم پارەیە تەرخان بکرێت.
3. شارۆچکەو دێهاتە وێرانکراو و خاپورکراوەکان ئاوەدان بکرێنەوەو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ناوچەی گەرمیان بەگشتی دابین بکرێت.
4. دادگایی هەموو ئەو تاوانبارانەی کەدەستیان هەبووە لە بڕیاردان‌و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەدا، بەتایبەت ئەوانەی کە ئێستا لەناو حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا پلەیان بەرزتر کراوەتەوە.

ئێمە لە هەژدەهەمین ساڵیادی ئەنفالدا سەری ڕێزو خۆشەویستی بۆ گیانبەختکردوانی کارەساتی ئەنفال دائەنەوێنین، هاوکات ئەم داواکاریانە ئەخەینە بەردەست کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم‌و چاوەڕوانین تابەرواری 2006/4/12 وەڵام وەربگرینەوە.

بژی یادی ئەنفالکراوەکان

ڕیسوایی بۆ بڕیاردەرو جێبەجێکەرانی کارەساتی ئەنفال

## دەستەی داکۆکی لەداخوازییەکانی خەڵکی سلێمانی

2006/4/10